## ئاڤان عەبدوڵڵا یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی ئافرۆدێت:

# پێویستە یاریگای تایبەت لە گشت شارەکان بکرێتەوە

**ئاڤان یەکێکە لەیاریزانە هەرە بەتواناکانی شاری سلێمانی و یەکێکە لەو یاریزانە کوردانەی کە توانیویەتی چەندین ئەنجامی بەرچاو لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان بەدەستبهێنێت، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٧ی شاری سلێمانیە و لەهەردوو یاری ڕاکردنی ١٠٠مەتری و هاویشتنی ڕم یاری کردووە، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

دیمانە: کارزان کانەبی




***چۆن بوو، هاتیە نێو دنیای یاری گۆڕەپان و مەیدان؟**

- لەمنداڵیەوە ئارەزوویەکی زۆرم لەوەرزش کردن هەبوو بەتایبەتی لەڕاکردن، بۆیە ئەو هیوایەم هاتەدی بەهاتنە نێو دنیای وەرزشەوە.

*** ئاستی یاری گۆڕەپان و مەیدان چۆن دەبینی لەکوردستان؟**

-ئاستی ئەم یارییە لەکوردستان لەئێستادا لەگەشەدایە، چونکە زۆربەی یانەکان گرنگی بەیاری گۆڕەپان و مەیدان دەدەن و تیپی جۆراوجۆریان دروست کردووە ئەوەش بەڵگەی بەرەوپێشچوونی یارییەکەیە لەکوردستان، لەو باوەڕەشم لەئاییندە زیاتر ئەم یارییە پێشکەوتنی بەرچاوتر بەخۆیەوە دەبینێ.

***ئەی ئاستی ئەم یارییە لەسلێمانی لەچ ئاستێکە؟**

-شارەکەی ئێمە هەر لەمێژە بەیاری گۆڕەپان و مەیدان بەناوبانگە، لەیانەی ئافرۆدێت زۆرگرنگیمان پێ دەدرێت، بۆیە ئەنجامە باشەکانمان بەڵگەیە بۆئەوەی کە شاری سلێمانی و یانەکان گرنگی باش بەم یارییە دەدەن.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لەکوردستان؟**

- پێم باشە لەهەموو شارێك یاریگایەکی تایبەت هەبێت بەیارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان، پاڵەوانێتی بەردەوام بکرێتەوە و یاریزانی ئاست بەرز لەئاستی تەمەن بچووك بۆ ئەم یارییە دروست بکرێت.

***لەئێستادا بەرنامەت چیە وەکو یاریزانێك؟**

-بەردەوام لەخۆئامادەکردنم بۆپاڵەوانێتیەکانی داهاتوو بۆئەوەی بتوانم ئاست و ئەنجامم زیاتر بەرەوپێش ببەم.

***کێشەو گرفتان چیە لەم یارییە؟**

-لەیانەی ئافرۆدێت هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە، یانەکەشمان زۆر هاوکاریمان دەکات، بەڵام بەهیوای ئەوەم یاریگای تایبەت بەیارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لەگشت شارەکانی کوردستان دروست بکرێت، بۆئەوەی ئەم یارییە دوانەکەوێت لەیارییەکانی تر.

***خانەوادەکەت ڕێگریت لێناکەن لە وەرزش کردنت؟**

-تائێستا ئەم هەستە لەخانەوادەکەم بەرجەستە نەبووە کە نەهێڵن وەرزشی خۆم بکەم، بەسوپاسەوە خانەوادەکەم هاوکارێکی باشن بۆمن، پاڵپشتی ئەوان بەردەوامی کردوومە لە وەرزش کردن.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم لەپاڵەوانێتیەکانی دەرەوە ئەنجامێکی شایستە بەدەستبهێنم و بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق بانگێشت بکرێم و ناوی کوردستان بەرز بکەمەوە.

*** چی بەو کچانە دەڵێی کە وەرزش ناکەن؟**

-بەهیوای ئەوم ئەوانیش بێنە نێو دنیای وەرزش بۆئەوەی بتوانین ناوی کچانی کورد بەرزکەینەوە، ئێمەش هیچمان لەکچانی وڵاتانی تر کەمتر نییە بۆ بەرزکردنەوەی ناوی میللەتەکەمان.

***ئەگەر یانەیەك داوات لێبکات، ڕیزی یانەی ئافرۆدێت جێدەهێڵی؟**

-جارێ بیرم لەجێهێشتنی یانەی ئافرۆدێت نەکرۆدتەوە، یانەیەکە تایبەتە بەئافرەتان ئەوەش جێگای شانازییە بۆشاری سلێمانی.

***کردنەوەی پاڵەوانێتیەك لەساڵێك کەم نییە؟**

-بەڵێ زۆریش کەمە، بەهیوای ئەوەین یەکێ گۆڕەپان و مەیدانی کوردستان پاڵەوانێتی بەردەوام بۆشارەکانی کوردستان بکاتەوە و گرنگی زیاتر بەئافرەتی وەرزشکار بدەن.

***پەیامت بۆبەرپرسانی وەرزشی چیە؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانن یاریگای تایبەت بەم یارییە لەشارەکان بکەنەوە و گرنگی زیاتر بەم یارییە بدەن و بتوانن کچانی وەرزشکار زیاتر لەدەوەری خۆیان کۆبکەنەوە.

***ئەگەر شتێکت ماوە لەکۆتاییدا؟**


-زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم، کە بەردەوام لەخەمی وەرزشکارانی ئافرەت دایە و بەهیوای ئەوەم زیاتر خزمەتی چینی وەرزشکاران بکەن.

٢٠١٢/٦/٨

# پاڵەوانێتی پێنج پرێسی یانەکانی سلێمانی بەڕێوەچوو

بەسەرپەرشتی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان لقی سلێمانی و یەکێتی پێنج پرێسی سلێمانی و بە بەشداری هەشت یانەی شاری سلێمانی و دەوروبەری لەهۆڵی هەڵگورد عارف پاڵەوانێتی پێنج پرێسی یانەکانی سلێمانی بەڕێوەچوو، لەپاڵەوانێتیەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد، توانیان ڕکابەری بەهێز بکەن بۆ بەدەستهێنانی نازناوی پاڵەوانێتیەکە، ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەیەی خوارەوەبوو.

١-یانەی چارباخ ٦٩خاڵ
٢-هۆڵی بەڵێن ٦٦خاڵ
٣-هۆڵی کوردستان ٦٠خاڵ





# یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ڕاهێنەری خۆی دەستنیشانکرد

دوای ئەوەی دەستەی کارگێڕی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی کە لەدوو وەرزی ڕابردوو نەیتوانی هیچ ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنێت، بۆندی لەگەڵ ڕاهێنەرانی پێشووی یانەکە هەڵوەشاندەوە بەتایبەتی لەدواین گۆڕانکاری یانەکە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بڕیاریدا چیتر پشت بەتواناکانی ڕاهێنەری عەرەب نەبەستێ، هەر بۆئەم مەبەستەش گرێبەستی لەگەڵ ئیسماعیل مەحمودی ڕاهێنەری شاری بەغدا نوێ نەکردەوە و بۆئەمجارە پشتی بەڕاهێنەرێکی لاوی یانەکەی فاتیح حەمەخانی کوڕی شاری هەولێر مۆرکرد، بۆئەوەی بتوانێ لەم وەرزە لەخولی نایابی یانەکانی کوردستان لەسەر دەستی ئەم ڕاهێنەرە لاوە ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنێ، لەم بارەشەوە بۆ فایلی وەرزشی گوڵان فاتیح حەمەخان ڕاهێنەری تازەی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی گوتی «بەفەرمی لەگەڵ دەستەی کارگێڕی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی کە یانەی خۆمە هەر لەو یانەیە مێژوویێکی دوور ودرێژ و کاپتنی ئەو تیپە بوویمە و خزمەتی یانەکەم کردووە دواتریش لەتیپی تازەپێگەیشتوان ڕاهێنەر بوویمە و ئەوان دوایان لێکردم ببمە ڕاهێنەری یانەکە، منیش بەخۆشحاڵیەوە ئەو پۆستەم لەئەستۆ گرت و بڕی گرێبەستەکەشم ٨ملیۆن و مووچەی مانگانەم ٨٠٠ هەزار دینارە، بەهیوای ئەوەم سەرکەوتووبم لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی.

# پاڵەوانێتی تێنسی سەرزەوی ئاستەکانی تەمەن بەڕێوەچوو



لەشاری هەولێر لەسەر یاریگای ئەکوا پارک بەسەرپەرشتی یەکێتی تێنسی سەرزەوی کوردستان و بە بەشداری هەریەك لەیانەکانی (قەڵا، ئارارات، هەندرێن، دهۆك، پێشمەرگەی هەولێر، تەئاخی، کەرکوك، کەیوان) پاڵەوانێتی تێنسی سەرزەوی بۆئاستەکانی تەمەن (٨،١٠،١٢)ساڵ ئەنجامدرا، لەپاڵەوانێتیەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو ئاستەکانی بچووك توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن، ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەیەی خوارەوەبوو.

تەمەن ٨ساڵ
١-یانەی قەڵا
٢-یانەی کەرکوك

تەمەن ١٠ ساڵ
١-یانەی پێشمەرگەی هەولێر
٢-یانەی دهۆك

تەمەن ١٢ساڵ
١-یانەی کەرکوك
٢-یانەی قەڵا

هەریەك لەیاریزانان لەئاستی تاك (محەمەد ئەبوزێد، محەمەد عوسمان و سان تەحسین) لەهەرسێ ئاست بوونە پاڵەوان.




# دی ڕۆسی سوپاسی لویس ئەنریکی دەکات

دانییلی دی ڕۆسی یاریزانی یانەی ڕۆما و هەڵبژاردەی ئیتاڵیا لەیاری نێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئیسپانیا و ئیتاڵیا لەیارییەکانی یۆرۆی ۲۰۱۲ لەهێڵی بەرگری یاری کرد هەرچەندە ئەو یاریزانی هێلی ناوەڕاسته و ئاستێکی بەرزی پێشکەشکرد وەك ئەوەی چەندین ساڵە لەم شوێنە یاری کردبێت، دی ڕۆسی بەم بۆنەیەوە ستایشی ڕاهێنەری پێشووی یانەی ڕۆما لویس ئەنریکی کرد کە تواناکانی لەهێلی بەرگری ئاشکرا کرد، لەدوای یارییەکە کە بەئەنجامی (۱*۱) گۆڵ کۆتایی هات دی ڕۆسی گوتی: سوپاسی هاوڕێکانم دەکەم، هەروەها سوپاسی ڕاهێنەر چیزاری براندێللی دەکەم، بەڵام دەمەوێ سوپاسێکی تایبەت ئاراستەی ڕاهێنەر لویس ئەنریکی بکەم کە توانا بەرگریکارانەی منی ئاشکرا کرد، ئەوەش وای دەردەخات کە ئەنریکی ڕاهێنەرێکی گەورەیە.

لەمانگی نیسانی ڕابردوو بۆ یەکەمجار ڕاهێنەری پێشووی یانەی ڕۆما لویس ئەنریکی یاریزان دی ڕۆسی لەهێڵی بەرگری یاری پێکرد و ستایشی ئاستی ئەم یاریزانەی کرد و ئەوکات گوتی: دی ڕۆسی ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکات لەهێلی بەرگری بۆیە دەتوانێ لەهێڵی ناوەڕاست و بەرگری بەهەمان ئاست یاری بکات.




# پاتۆ دەیەوێت لەیانەی میلان بمێنێتەوە

یاریزانی هێرشبەری بەرازیلی ئەلیکساندەر پاتۆ دووپاتیکردەوە ئێستا لەپێکانەکەی چاکبۆتەوە و جارێکی دیکە ئارەزووی خۆی ڕاگەیاند بەمانەوەی لەڕیزەکانی یانەی ئەی سی میلانی ئیتالی لەوەرزی داهاتوودا، لەو ماوەیەدا چەندین هەواڵ بڵاوبوونەوە سەبارەت بەداهاتووی یاریزان پاتۆ لەگەڵ یانەی ئەی سی میلان و هەندێك لەڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان ڕایانگەیاند کە یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی و ڕاهێنەرەکەی کارلۆ ئەنشلۆتی هەوڵ دەدەن بۆندی لەگەڵ مۆربکەن بەتایبەتی کە پێشتر ئەنشلۆتی ڕاهێنەری پاتۆ بووە لەیانەی میلان.


ئەلکساندەر پاتۆ لەدوای بەشداریکردنی لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل لەزنجیرە یارییە دۆستانەکان بەرامبەر هەڵبژاردەکانی دانیمارك و ئەمریکا و مەکسیك و ئەرژەنتین لەلێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی (ئار۷)ی بەرازیلی گوتی: یانەی میلان چەندین بۆندی پێشکەش کراوە سەبارەت بەمن نەك تەنیا لەیانەی پاریس سان جێرمان، بەڵکو لەچەندین یانەی دیکە، من سوپاسی ئەو یانانە دەکەم، بەڵام من بەردەوامم لەگەڵ یانەی میلان تا کۆتایی بۆندەکەم لەساڵی ۲۰۱٤.



# نیمار: ڕاگرتنی میسی مەحاڵە

یاریزان و ئەستێرەی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی سانتۆس نیمار دا سیلڤا دانی بەوەدانا کە ڕاگرتنی مەترسی یاریزانی ئەرژەنتینی لیۆنیل میسی مەحاڵە و گومان لەوە دانییە کە ئەو باشترین یاریزانی جیهانە، نیمار لەکاتی گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی لەدوای یارییە دۆستانەکەی نێوان هەردوو هەڵبژاردەی بەرازیل و ئەرژەنتین کە تیایدا ئەرژەنتین بەئەنجامی (٤*٣) گۆڵ یارییەکەی بردەوە و میسی هاتریکی تۆمارکرد، لە لێدوانێکیدا گوتی: میسی ئەوەی بیەوێت بەتۆپ دەیکات ئەگەر شوێنەکەش زۆر تەسك بێت، ڕاگرتنی مەترسی ئەو یاریزانە زۆر زەحمەتە، گومان لەوەش دانییە کە میسی باشترین یاریزانی جیهانە، بەڵام لەیارییەکەدا بەرازیل باش یاری کرد و دەیتوانی سەرکەوتن تۆمار بکات ئەگەر لێهاتوویی میسی نەبوایە.

نیمار و میسی لەدوای یارییەکە باوەشیان لەیەك گرت و نیمار داوای درێسی یاریزان میسی کرد، زیاتر لەجارێکیش یاریزان نیمار سەرسامی خۆی بەئاستی یاریزان میسی دەربڕیوە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی شاری بەرشلۆنە باس لەوە دەکەن کە لەداهاتوویەکی نزیکدا هەردوو یاریزان نیمار و میسی بەیەکەوە لەیانەی بەرشلۆنە یاری دەکەن.



# بنزیمە نهێنییەکی فیرگسۆن ئاشکرادەکات

کەریم بنزیمە هێرشبەری هەڵبژاردەی فەرنسا و یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی ئەوەی ئاشکراکرد کە چەندین ساڵە یانەی مانچستەر یونایتد و ڕاهێنەرەکەی سێر ئەلێکس فێرگسۆن هەوڵی ئەوەیان داوە بۆندی لەگەڵ مۆر بکەن، بەڵام هەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبووە بەتایبەتی لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا، لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (زەسەن)ی بەریتانی بنزیمە ڕایگەیاند: پڕوپاگەندە دەربارەی داهاتووی من وەك یاریزان گەلێك زۆرە، لەهەموو هاوینێك هەواڵی لەمجۆرە دەخوێنمەوە یان گوێبیستی ڕۆیشتنم بۆ ئەم یان ئەو یانەیە دەبم، بەڵام من زۆر خۆشحاڵم لەیانەی ڕیال مەدرید و بەهیچ شێوەیەك ڕۆژێك بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە یانەی شاهانە بەجێبهێڵم. هەروەها بنزیمە لەدرێژەی لێدوانەکەی گوتی: یانەی مانچستەر یونایتد و ڕاهێنەرەکەی فێرگسۆن زیاتر لەجارێك هەوڵی ئەوەیاندا بۆندم لەگەڵ مۆر بکەن بەتایبەتی لەچوار ساڵی ڕابردوو لەگەڵ چەندین یانەی دیکەدا، ئەو کاتەی کە لەیانەی لیۆن یاریم دەکرد، بەڵام نەگیشتنە ڕێککەوتن، لەهەمان کاتدا من خۆم حەزم دەکرد لەخولی ئیسپانیا یاری بکەم و ڕۆژێك لەڕۆژان پەشیمان نیم کە بۆندم لەگەڵ یانەی ڕیال مەدرید مۆرکردووە.



# کریستیانۆ ڕۆنالدۆ:
# لەشەوی یاری بایرەن میونیخ گریام

ئەستێرەی پورتوگالی کریستیانۆ ڕۆنالدۆ یاریزان و گۆڵکەری یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی ڕایگەیاند کە لەدوای یاری نێوان هەردوو یانەی ڕیال مەدرید و بایرن میونیخ لەقۆناغی پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا کە تیایدا ڕیال دۆڕا بەلێدانی یەکلاکەرەوە و خۆی گۆڵی تۆمار نەکرد لەیەکێك لەلێدانەکاندا گریان دایگرتووە و زۆر کاریگەر بووە لەم شەوەدا، کریستیانۆ ڕۆنالدۆ کە ئێستا بەشدارە لەیارییەکانی یۆرۆی ٢٠١٢ بۆ کەناڵی (سیك)ی پورتوگالی گوتی: ئەو شەوەم باش لەبیرە، لەدوای دۆڕندنمان و دەرچوونمان لەقۆناغی پێش کۆتایی زۆر گریام و ئەو شەوە زۆر دڵ تەنگ بووم، یارییەکی زۆر گرنگ بوو، بەڵام نەمانتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنین. دەربارەی یارییەکانی یۆرۆی ٢٠١٢ کریستیانۆ ڕۆنالدۆ گوتی: من خەونێکم هەیە کە بریتییە لەبەدەستهێنانی نازناوێکی گەورە لەگەڵ هەڵبژاردەی پورتوگال ئەوەش یەکێکە لەهەلە باشەکان و هیوادارم سەرکەوتوو بین. لەکۆتایی لێدوانەکەی کریستیانۆ دەربارەی مەشقەکانی گوتی: من عاشقی مەشقکردن و کارکردنم، بۆیە لەکاتی مەشقەکان زۆر خۆشحاڵم، هەر کاتێك هەستم کرد کە ئەم خۆشییە نەماوە بەدڵنیاییەوە واز لەیاری تۆپی پێ دەهێنم.

# باشترین ١٥ یاریزانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپای ٢٠١٢

ڕێبین ڕەمزی

دوای دەستپێکردنی جامی نەتەوەکانی ئەوروپای ٢٠١٢ لەهەردوو وڵاتی ئوکرانیا و پۆڵەندە چاودێران چاوەڕوان دەکەن لەم پاڵەوانێتیە چەند یاریزانێك ببنە ئەستێرەی پاڵەوانێتیەکە و یارمەتی هەڵبژاردەکانیان بدەن بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی باش لەم پاڵەوانێتیە، ئەمەی خوارەوە لیستی ١٥ یاریزانی ئەم پاڵەوانێتیە.

١-جیانلویجی بۆفون گۆڵچی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا

ئەم گۆڵچیە تەمەنی ٣٤ ساڵە یەکێکە لەباشترین گۆڵچیەکانی جیهان و چاوەڕوان دەکرێت لەم پاڵەوانێتیە ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات.

٢- ژاڤی یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا تەمەن ٣٢ ساڵ

ئەم یاریزانە لەزۆربەی پاڵەوانێتیەکان ئاستی ڕاستەقینەی خۆی پێشکەش کردووە، بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر لەم پاڵەوانێتیە یەکێك بێت لەباشترین یاریزانەکان.

٣- کەریم بنزیمە یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا

ئەم یاریزانە لەگەڵ یانەی ڕیال مەدرید ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد لەوەرزی ڕابردوو و هەڵبژاردەی فەرەنسا پشت بەم یاریزانە دەبەستێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەنجامێکی باش لەجامی نەتەوەکانی ئەوروپا بەدەستبهێنێت.

٤-ئەندریا ئەنێستا یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا

ئەم یاریزانە لەگشت یارییەکان جێگەی مەترسییە بۆ گشت هەڵبژاردەکان، چۆن هۆکاری سەرەکی بوو بۆ بەدەستهێنانی جامی جیهانی ٢٠١٠ بۆ هەڵبژاردەی ئیسپانیا بەهەمان شێوە دیل بۆسکی پشت بەم یاریزانە دەبستێت بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی باش لەم پاڵەوانێتیە بەدەستبهێنن.

٥-مسعود ئۆزیل یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا

ئەڵمانییەکان پشت بەم یاریزانە دەبستن بۆ بەدەستهێنانی نازناوی پاڵەوانێتیەکە و چاوەڕوان دەکرێت یەکێك بێت لەئەستێرەکانی ئەم پاڵەوانێتیە.

٦- کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ یاریزانی هەڵبژاردەی پورتوگال

چاوەڕوان دەکرێت ئەم یاریزانە لەم پاڵەوانێتیە ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات بۆ ئەوەی ببێتە ئەستێرەی ئەستێرەکان و هەروەها چانسی بەدەستهێنانی باشترین یاریزانی جیهان لەم وەرزە زیاتر بێت لەهەمان کاتدا پورتوگالییەکان بەتەواوی پشت بەم یاریزانە دەبەستن بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی باش.

٧-واین ڕۆنی یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە

هەرچەندە واین ڕۆنی لەدوو یاری هەڵبژاردەی وڵاتەکەی لەجامی نەتەوەکانی ئەوروپا یاری ناکات، بەڵام چاوەڕوان دەکرێت ئەم یاریزانە ئاستێکی باش پێشکەش بکات و یارمەتی هەڵبژاردەکەی بدات بۆ بەدەستهێنانی نازناوی پاڵەوانێتیەکە.

٨-ڤان پێرسی یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەندە

ئەم یاریزانە لەخولی ئینگلتەرە ئاستێکی بەرزی





پێشـــکەش کرد لەگەڵ یانەی ئەرســـناڵ و توانی ٣٠ گۆڵ تۆمار بکات، بۆیە چاوەڕوانی ئاستێکی نموونەیی لەم یاریزانە دەکرێت لەم پاڵەوانێتیە.

٩- ویسلی شنایدر یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەندە

یەکێك لەباشـــترین یاریزانـــەی هۆڵەندە و هەروەهـــا ئەندازیاری هێڵی ناوەڕاســـتی هەڵبژاردەی هۆڵەندایە لەگـــەڵ یانەی ئەنتەر میلان لەخولی ئیتاڵیا ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد و ڕەنگە ئەمە دواین پاڵەوانێتی بێت ئەم یاریزانە بەشـــداری لەگەڵ هەڵبـــژاردەی وڵاتەکەی بکات بۆیە هەوڵ دەدات نازناوی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا بباتەوە.

١٠-لۆکا مۆدریج یاریزانی هەڵبژاردەی کرواتیا

ئەم یاریزانە لەهێڵی ناوەڕاســـتی یانەی تۆتنهام هۆتســـبێر یاری دەکات و ئاســـتێکی یەکجار بەرزی پێشـــکەش کرد و زۆربـــەی یانە گەورەکانی جیهانی هەوڵ دەدەن گرێبەســـت لەگەڵ ئـــەم یاریزانە مۆربکەن، لەهەمان کاتدا ئەم یاریزانە بڕبڕەی پشتی هەڵبژاردەی کرواتیایە لەجامی نەتەوەکانی ئەوروپا.

١١- پێرلۆ یاریزانی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا

کاتێك ئەم یاریزانە ڕیزی یانەی ئەی ســـی میلان جێهێشـــت باس لەوە دەکرا، کە ئاســـتی وەکو پێویســـت نابێـــت، بەڵام پێرلـــۆ لەخولی ئیتاڵیا لەگەڵ یانەی یۆڤانتوس ئاســـتێکی بەرزی پێشکەش کرد و بووە جێگەی سەرســـوڕمانی گشـــت چاودێران و لەجامی نەتەوەکانی ئەوروپا یاریزانی سەرەکی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا دەبێت.

١٢- ئیکەر کاسیاس گۆڵچی هەڵبژاردەی ئیسپانیا

کاسیاس هەردەم ئەستێرەی یارییەکان بووە چ لەخولەکانی ئەوروپا یاخود لەپاڵەوانێتیـــە نێودەوڵەتیەکان و هەردەم جێگەی متمانەی یاریزانانی هێڵی بەرگری هەڵبژاردەی ئیسپانیایە.

١٣- فرانك ڕیبیری یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا

ئەم یاریزانە ئاستێکی بەرزی لەگەڵ یانەی بایرەن میونیخ پێشکەش کرد بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نابێت، ئەگەر هەمان ئاست لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی پێشکەش بکات.

١٤- ئیبراهیمۆڤیتچ یاریزانی هەڵبژاردەی سوید

هەموو سوید چاوەڕوانی ئاســـتێکی بەرزی ئەم یاریزانە دەکەن، چونکە هەردەم لەپشت سەرکەوتنەکانی هەڵبژاردەی سویدە و گۆڵکارێکی بەتوانایە لەهەمان کاتدا دەتوانێت گۆڵ بۆ هاوڕێیەکانی دروست بکات.

١٥- ئەرشاڤین یاریزانی هەڵبژاردەی ڕووسیا

ئەرشاڤین ئەستێرەی هەڵبژاردەی ڕووسیا و خاوەن ستایلێکی تایبەت لەنێو یاریگا، ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ڕووســـیا دیك ئەدڤۆکات پشت بەم یاریزانە دەبەستێت بۆ ئەوەی بگاتە قۆناغەکانی کۆتایی ئەم پاڵەوانێتیە.



# زۆربەی یاریزانەکانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپای ٢٠١٢ لەخولی ئینگلیزی یاری دەکەن

یەکێك لەکۆمپانیا بەناوبانگەکانی جیهان لەبواری ئامار، لەڕاپۆرتێکیدا سەبارەت بەیاریزانە بەشـــداربووەکانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا ٢٠١٢ی ئۆکرانیا و پۆڵەندە ئەوەی ئاشـــکرا کرد، کە لەڕێژەی (٢٥٪)ی یاریزانەکانی ئەم پاڵەوانێتیە لەخولی ئینگلیزی یاری دەکەن ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە لەچاو خولەکانی تر، هەر لەهەمان ئاماردا خولـــی ئەڵمانیا لەپلەی دووەم دێت بەڕێژەی (١٢٪) و خولی ئیســـپانیا لەپلەی سێیەم دێت بەڕێژەی (٩٪).

لەجامی نەتەوەکانی ئەوروپا ٣٦٧ یاریزان نوێنەرایەتی ١٦ هەڵبژاردەی ئەوروپی دەکەن، کە تیاییدا ٨٦ یاریزان لەخولی ئینگلیزی یاری دەکەن و ٤٥ یاریزان لەخولی ئەڵمانـــی یاری دەکەن و ٣٣ یاریزان لەخولی ئیســـپانی یاری دەکەن و ٣١ یاریزان لەخولـــی ئیتاڵی یاری دەکەن و ٢٨ یاریزان لەخولی ڕووســـی یاری دەکەن و ٢٦ یاریزان لەخولی فەرەنسی یاری دەکەن.

لەلایەکی ترەوە هەر لەهەمان ئامـــاردا زۆربەی یاریزانەکانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپـــا لەهەردوو یانەی ڕیال مەدرید و بایرن میونیـــخ یاری دەکەن، کاتێك ١٣ یاریزانی یانەی بایـــرن میونیخ لەڕیزی ٥ هەڵبژاردەی ئەوروپا یاری دەکەن و ١١ یاریزانی یانەی ڕیال مەدرید لەڕیزی ٤ هەڵبژاردەی ئەوروپا یاری دەکەن، ئەمەش ڕیزبەندی یانەکانە.

١-بایرن میونیخ ١٣ یاریزان لەڕیزی ٥ هەڵبژاردەی ئەوروپا یاری دەکەن.
٢- ڕیال مەدرید ١١ یاریزان لەڕیزی ٤ هەڵبژاردەی ئەوروپا یاری دەکەن.
٣- ئەرسناڵ ٩ یاریزان لەڕیزی ٧ هەڵبژاردەی ئەوروپا یاری دەکەن.
٤- بەرشلۆنە ٨ یاریزان لەڕیزی ٢ هەڵبژاردەی ئەوروپا یاری دەکەن.
٥- مانچستەر سیتی ٨ یاریزان لەڕیزی ٥ هەڵبژاردەی ئەوروپا یاری دەکەن.
٦-لیڤەرپوول ٨ یاریزان لەڕیزی ٤ هەڵبژاردەی ئەوروپا یاری دەکەن.
٧-بروسیا دۆرتموند ٨ یاریزان لەڕیزی ٣ هەڵبژاردەی ئەوروپا یاری دەکەن.
٨-چێڵسی ٧ یاریزان لەڕیزی ٥ هەڵبژاردەی ئەوروپا یاری دەکەن.
٩- یۆڤانتوس ٧ یاریزان لەڕیزی ١ هەڵبژاردەی ئەوروپا یاری دەکەن.
١٠-میلان ٧ یاریزان لەڕیزی ٤ هەڵبژاردەی ئەوروپا یاری دەکەن.
١١- مانچستەر یۆنایتد ٧ یاریزان لەڕیزی ٤ هەڵبژاردەی ئەوروپا یاری دەکەن.
١٢- دینامۆ کییف ٧ یاریزان لەڕیزی ٢ هەڵبژاردەی ئەوروپا یاری دەکەن.

جێگەی باســـە چەندین یاریزانی تر لەخولەکانی تری ئەوروپا یاری دەکەن وەکو ڕووســـی و پۆڵەندی و چیك و کۆماری ئێرلەندە و...تاد، بەڵام بەپێویستمان زانی بەکورتی باسی ئەم یاریزانانە بکەین.



ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال